موراد قەرەیلان: لە چەند ڕۆژی داهاتوودا مزگەنیەکی گرینگ بە گەلەکەمان دەدەین



موراد قەرەیلان: لە چەند ڕۆژی داهاتوودا مزگەنیەکی گرینگ بە گەلەکەمان دەدەین.

موراد قەرەیلان، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کرێکارانی کوردستان لە پەیامێکدا کە ئەمڕۆ لە ئاژانسی هەواڵی فوئات-ی نزیک لە پەکەکە بڵاو کرایەوە، ڕایگەیاند کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا بەبۆنەی نەورۆزەوە مزگەنیەک بە گەلی کورد دەدەن.

قەرەیلان وتەای پیرۆزبایی نەورۆز لە خەڵکی کوردستان، گوتی: "ئەو مزگەنیە بنەمایەکی پتەوتر بۆ تێکۆشانەکەمان دابین دەکات و یەکجار گرینگ دەبێت"، هەروەها وتیشی: ئەو مزگەنیە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا ڕادەگەیەندرێت، لەم چوارچێوەدا نەورۆز لە گەلەکەمان و هەموو گەلان پیرۆز دەکەم.